
ئاشنابوون بە هێگل

پۆل سۆنتێرن

پێداچونەوەی: ئیسماعیل مسلم
وەرگێڕانی: زریبار



16766

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library



لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما

زنجیرەی(٤٣)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(٢١) کتێب

ئیسماعیل کوردە_ ڕێبین ڕەسوڵ ، جەمال پیرە

ناوی کتێب:ناشنابوون بەهیگڵ

نووسینی: پۆل ستراتێرن

وەرگێڕانی بۆفارسی: مەسعودی عولیا

وەرگێڕانی بۆکوردی: ڕێباز مستەفا

تایپیکردن: گۆڤاری ئایدیا

دیزاینین: نما

تیراژ: ١٠٠٠

چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٥

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکیەکی پێویست

فیکرو فەلسەفەی هیگڵ بەناستێك کاریگەری بەسەر فەلسەفەو فیکری دنیاو ئەڵمانیدا هەبووە، تاوەکو ئێستاش فەلسەفەی ئەڵمانی بەر لەدنیا قەرزاربارى " هیگڵ"ە. وەك پاپینی پێیوایە کاریگەرییەکانی کەمتر نەبوون لە چامەکانی " مالارمێ"، وەلێ هیگڵ لەفەلسەفدا .

زێتر لەدوو سەدە دەبێت، هیگڵ فەیلەسوفی نێو باس‌و لێکۆڵنەوەو خواسە فەلسەفیەکانە، ئەگەرچی رابۆچوون لەسەر ئەم فەیلەسوفە جیاوازو ناکۆکن، وەلێ ئەوەی گرنگەو ناکرێ خۆی لێبشارینەوە ئایدیالیزمی دیالیکتیکیە کە لەسەر دەستی هیگل نۆژەنکرایەوە..

لەناو مشتومڕە فەلسەفیەکانیش خوێندنەوەو لێکدانەوەی فەلسەفەی هیگڵ کارێکە بەئاسانی بەدی نایەتو، هەمیش پرسیارکردن لەهیگڵ پرسیاری دیکەو ناکۆتامان دێنێتەوە پێش.

قسەکردن لەهیگڵو فەلسەفەکەی قسەکردنە لەسەختی بیرکردنەوەو گەیشتن بەسەختیەکانی، قسەکردنە لە رۆحو هەق، قسەکردنە لە زمانێك کە دەیەویست فەلسەفە بۆ خۆی بنوسێتەوە، قسەکردنە لەحەقیەتو واقیع لەنێو لۆژیكو نالۆژیکدا، قسەکردنە لە" ئایین، لەعەقڵ لە دیالیکتیك، لەناماقوڵی، فەلسەفە، ئازادی...تاد." بەو مانایەی ناساندنی هیگل یان ئاشنابوون بە هیگل ئەگەر ئاسانیش بێت، تێگەیشتن‌و خۆلێدەرباز کردنی کارێکە رێگای سەخت‌و مەعریفیانەی لەپێشەوەیە.

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

هەروەك چۆن مرۆڤە بیرمەندو عاقڵەکان ناتوانن لەمەعریفەو فیکرو فەلسەفە نەدوێنو خۆیان دەرباز بکەن، پێموایە تەواوی فەیلەسوفو بیرمەندانی دوای هیگڵ لەهەموو دنیا کەم تازۆر نەیانتوانیووە قسە لەهیچ تیۆرو تێزێك بکەن، گەر نەگەڕابنەوە بۆ قسەکردن لە هیگڵ، بەومانایەی نەیانتوانیووە خۆیان دەرباز بکەن یان فەلسەفە بەرهەم بهێنن، بەبێ ئەوەی لەکایەکانی فەلسەفە لای هیگڵ بدوێن.

بۆیە هەمیشە هیگڵ سەختترین فەیلەسوفی دنیا بووە. لەنێو هەموو ئەو سەختیانەی ژیانو فەلسەفەو بیرکردنەوە تیژەکانیدا، ئەگەرچی دواجار هیگڵی فەیلەسوف، نەیتوانی بەفەلسەفە کۆڵێرا چارەبکاتو کوشتی.

دیارە پێداچوونەوەی ئەم کتێبە لەلایەن کاك" رێباز"ی هاورێم بە بەندە سپێردرا بوو، ئەگەرچی من فارسیەکەشم شرە فارسیە، وەلێ بە چەند هاوکاریەکی بچووکی هاورێم " جەمال پیرە" پێیداچوومەوە، هەم لەرووی رێنوسی کوردیو هەندێ کاری بچووکی زمانیش.. بەڵام سوزم لەسەر ئەوەی کە کاك رێباز بەشی هەرە هەرە زۆری هەقەکەی بە وەرگێڕانەکە دابوو.. بۆیە تەنها دەتوانم بڵێم سوپاسی دەکەم کە بەپێداچوونەوەکە بە وردی کتێبەکەم خوێندەوە.

ئیسماعیل کوردە

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library